حکوومەتی عێراق پشووکانی جەژنی ڕەمەزانی ڕاگەیاند



نووسینگەی ڕاگەیاندنی محەممەد شیاع سوودانی، سەرکۆزیرانی عێراق لە ڕاگەیەنراوەکدا ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری داوە بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە پشووی فەرمی ڕابگەیەنێت.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژەی بۆوە دا، پشووەکە لە ڕۆژی چوارشەممە 18ی ئاداری 2026 دەست پێ دەکات و تاوەکوو ڕۆژی دووشەممە 23ی ئاداری 2026 بەردەوام دەبێت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکۆزیران ڕوونیشی کردەوە، ڕۆژی سێشەممە 24ی ئاداری 2026 دەوامی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەست پێ دەکاتەوە.

لە کۆتایی ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، هیوادارن ئەم جەژنە خێر و سەقامگیری بە سەرجەم عێراقییەکان و نێتەوەی ئیسلامی بهێنێت.

ساڵانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربانەوە چەند ڕۆژێک وەک پشووی

فرمی لہ سرجم دامودزگاکانی حکوومت رادگیندرت.